## ماچ .. هۆنراوەی شالاو

گوایە بیرم دەخەیتەوە
ئەوساتانەی لەگەل یەکتر
وەک و ماسی ودەریا وابووین
نە من بێ تۆ نەتۆش بێ من
هەر بەجەستە لێک جودا بووین
تۆ نووسیوتە
ئەورۆژەی کەلێک دابڕاین
بۆ یەکتری چەندە گریایین
ئەو ساتەی منت بە جێ هێشت
خەندەم لە گیانی خۆمدا نێشت
بەڵێ گوڵم
من ئەمانەم بیر نەماوە
دەردی دووری و تەنیایی خۆم
وای لی کردووم
زۆر جار ناوی خۆم بیر ئەچێ
بەڵام ئەو ساتەم لە بیرە
کاتێ جێمهێشتی وتۆ گریای
منیش دەستم دەکەوت ماچێ ...